# پێگەیشتن بە سوسیالیزم

**بەشی چوارەم**

**نووسینی: هێری مێگداف، فێرد مێگداف ناسری**

**ئەمین نژاد کردوویە بە کوردی**

## بەرنامەڕێژی و ئابوری لە سۆڤیەت




زۆربەی هەرە زۆری ئەو تەنگوچەڵەمانەی کە لە ئاخروئۆخری سەدەی بیستدا قەیرانیان لە یەکێتی سۆڤیەت دروستکرد، دەگەڕێتەوە بۆ ئابوری ئەو وڵاتە و شێوەکانی ڕێکخستنی ئابوری لە ساڵەکانی یەکەمی شۆڕشی ئۆکتۆبر. زۆرتر تاوانی گیروگرفتەکانی سۆڤیەت دەخەنە ئەستۆی کەڵک وەرگرتن لە ئابوری بەرنامەڕێژیکراوی ناوەندی. ئێستاش تەنانەت کەسانێک پییان وایە ناکری لە وڵاتێکی گەورە و ئاڵۆزدا ئابوری بە بەرنامە ڕەچاو بکری. کەسانی دیکەش هەن کە ئابوری „ سوسیالیزمی بازار“ وەک ئاڵترناتیڤ پێشنیار دەکەن. بەڵام بێئاگاکان مانەوەی ئابوری سۆڤیەت تەنیا لەبەر بەرنامەڕێژی نەبوو، بەڵکو لەبەر جۆر و تایبەتمەندی ئەو بەرنامەیە بوو کە ڕەچاوکرا. ئەو ئابورییە قەوارەیەک بوو کە لە بارودۆخێکی تاقانە و تایبەت بەخۆدا داڕێژرا و پەرەی گرت و بەرەو ئاقارێک ڕاکێشرا کە زۆر جیاواز بوو لەگەڵ ئەو شتەی کە شۆڕشگێڕە بەراییەکان بیریان لێدەکردەوە. لە ئەساسدا ئەوەی لە یەکێتی سۆڤیەتدا قەوما بەرنامەڕێژییەک بوو کە پێی لەسەر عەرزی واقع نەبوو. لەسەرەتادا هەر پێویستیی بەوە نەدەکرد کە بەرنامەیەکی بەرزەفڕانەی مەزنی ناوەندی و پیشەسازییەکی گەورە ـ ئەوەی کە لە ئاخروئۆخری بیستەکاندا دیتمان ـ داڕێژری. بەشێکی زۆر لە ڕێبەران و لەپێش هەمواندا „بوخارین“ لایەنگری ئەوە بوون کە ڕەوتێکی هێواشتر و بەرەبەرە ڕەچاوبکری. بەڵام کاتێ بڕیاردرا لەو هەلومەرجە یەکجار قورس و نالەباردا پەلەکردنی خێرا و



سەرسوڕهێنەر لە بەرەوپێش بردنی ڕەورەوەی ئابوری ببێتە مەبەستی سەرەکی، بەناچار ئەم دەرئەنجامانەشی لێدەکەوتەوە:

١. چوونە سەرەوەی نەخشی بەرچاوی دەوڵەت لە ئابوری وڵات.

٢. خڕبوونەوەی شوێنی بڕیارەکان لە یەک ناوەند و دیاریکردنی زەبت و ڕەبتێکی تۆکمە و توند و تیژ بەسەر خەڵکەوە بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەکان.

بەرنامەی ٥ ساڵەی یەکەم وڵاتی سۆڤیەتی لەباری ئابوری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بەرەو مەیدانێکی زیاتر لەوەی کە دەبوو بچی، ئامادە کرد. ئەوەدەم هەموو بیر و داڵغەی ڕێبەرانی سۆڤیەت لەدەستپێکردنی بەرنامەی ٥ساڵەی یەکەم (١٩٢٨) ئەوە بوو کە وڵات هەم لەباری پیشەییەوە بەرەو پێش بچی، هەم ئاستی تواناییەکانیی بۆ بەرگریکردن بەرزبێتەوە. ئەم دوو مەبەستە لەبارودۆخی دنیادا گەلێک گرینگ بوون. بەڵام لەهەر حالدا هەوڵدان بۆ دابەزاندنی بەرنامەیەکی یەکجار بەرزەفڕانەی ئەوتۆ، ئەویش بە بێ بەشدار- کردنی هەراوی کۆمەڵانی خەڵک لە بەرنامەڕێژی و بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی سەرچاوە سروشتی و ئینسانییەکانی ئەودەمی سۆڤیەت، کار گەیشتە جێگایەک کە بەردەوام لە شێوازی توندوتیژی و هەرەشە و زەبر نواندن بۆ ڕاپەڕاندن و بە ئەنجام گەیاندنی کارەکان کەڵک وەرەبگیردری.

تا ئەو کاتەی کە ئابوری دەیتوانی بەرەو پێش هەنگاو بنێ، دەرفەت بۆ مانۆردان و خۆ دزینەوە لە تەنگ وچەڵەمەکان و تەقینەوەی دژایەتییەکان هەبوو. بەڵام لەساڵەکانی نێوان ٦٠ و ٨٠ کانەوەکە ئاستی پەرەساندنی ئابوری خۆی لەکزیدا و دەهاتە خوار، ئیتر بەستێنێکی گەورە بۆ قەیرانێکی قوڵ کرایەوە، قەیرانێک کە سەرئەنجام دامەزراندنی سەرلەنوێی سەرمایەدارییەکی بێزووی نارەسەنی لێکەوتەوە. لە ساڵی ١٩٢٨بەدواوە تاقە یەکێک لە ڕێگاکانی بەرەو پێشبردنی کاروبارەکان ئەوە بوو کە ئابورییەکی یەکانگیری بە زۆرەملەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە بچێتە پێش. ئەم ڕەوتە لە سیی و چلەکاندا بە باشی چووە پێش. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە باشە بۆچی دواتر هەر ئەم ئابورییە بەرەو دابەزان ملی نا و نەیتوانی ڕێگا ببڕی؟

لەساڵەکانی یەکەمدا هێزی کارێکی زۆروزەبەندی شارەکان لەبەردەستا بوون، دەکرا لەمە زۆرتریش لە گوندەکانەوە دابین بکرێ. لەگەڵ ئەمەشدا سەرچاوەیەکی پانوبەرینی سروشتیش لە گۆریدا بوو. هەر لەبەر ئەم دوو هۆیە ئابوری دەیتوانی بەرەو پێش هەنگاو بنێ. لەو هەلومەرجەدا ئیمکانی ئەوە بۆ دەوڵەت هەبوو کە بە کۆنترۆڵ و چاوێری قایمی خۆی کاروباری کارخانەکان ڕێکبخات، هەروەها هاوئاهەنگی لە جۆری کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە سروشتی و ئینسانییەکان پێکبێنێ و ئاستی خەریک بوونی گشتی بە کار و بەرهەم هێنانی بەپەلە بباتە سەر. سەرەرای ئەمانەش پەنا بردنە بەر هەستی نیشتمانپەروەری و ئامانجەکانی شۆرش بۆ دنەدان و بەرەو پێشچوون، بەتایبەت ئەو دەمی کە سێبەری هەرەشەی شەر بەسەر سەری وڵاتەوە دەخولایەوە، پاشانیش کە بەکردەوە تێوەی‌گلا، دەورێکی بەرچاوی بینی.

بەڵام پاش چاککردنەوەی کاولکارییەکانی شەڕ، بارودۆخەکە بە ئاقارێکی دیکەدا چوو. دوای شەڕیش هەرلەو ئابورییە یەکانگیرە کەڵک وەردەگیردرا کە هەر لەسەرەوە دادەرێژرا و بە بەردەوامی هەوڵی ئەوە دەدرا هەتا زۆربەی هەرە زۆری بریارەکان لە ژێردەستی بریاردەرانی سەرەوەدا بمێنێتەوە. بەڵام ئەو شێوازەی پێشوو کە لەم هەلومەرجە تازەیەدا کەڵکی لێوەدەگیرا وەک جاران نەیدەتوانی رەوتی بەرەو پێشچوونی خێرای ئابوری دابین بکات، نەک هەر ئەمە بەڵکوو لەگەڵ کۆسپ و تەگەرەی زۆریش بەرەورووی کردەوە. ئەو دوو هۆکارە بابەتیانەی کە پێشتر بونە پاڵپشتی گەشەی خێرای ئابوری، ئێستا بەپێچەوانە ببونە هۆکارێکی تێکدەر. چونکا ئاستی جەمعییەتی هەڵسوری وڵات(بەهۆی کوژرانی زۆر لەشەڕدا و دابەزینی پلەی زاوزێ) هاتبوەخوارەوە. هەروەها سەرچاوە سروشتییەکان و دابینکردنی کەرەسەی خاو تووشی تەنگ وچەڵەمەی زۆروزەبەند هاتبوو- ئەویش بەهۆی کۆتاییهاتنی ئەو کان و سەرچاوانەی کە ئاسان دەردەهێندران.

,,موشە لۆبن“ لە ساڵی ١٩٧٤، ئەودەمی کە هێشتا کەم کەس ئاگای لە قەیرانی ئابوریی - کۆمەڵایەتی یەکێتی سۆڤیەت هەبوو، نووسیویەتی:‹‹ هەر لە



سەرەتای شەستەکانەوە لە سازوکارەکانی ئابوری وڵاتی سۆڤیەتدا زۆر لایەن دەدیتران کە مۆرکی تێکشکانی لەچار نەهاتووی ئابورییان پێوە دیار بوو. ئەمانە تا ماوەیەکی زۆر نەکەوتبوونە پێش چاوی کاربەدەستانی فەرمی وڵات. گاڵتەی رۆژگار لەوەدابوو کە هەرچی زیاتر کەلوپەل بۆ کەڵەکەکردن و سەرمایەگوزاری تەرخان دەکرا، هێندەش قازانجی بەرهەم هاتوو (لەم سەرمایانە) دەهاتەخوار و پلەی پەرەساندن زیاتر دادەبەزی... لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدا کە بەرزبوونەوەی خەرج و باجی هەڵسوراندنی ئابوری، سەرجەمی رەوتی بەرهەم هێنانی خاودەکردەوە و ئەو ستراتیژانەش کە دەخرانە بەردەست بە دژی خۆی هەڵدەگەڕایەوە و پێویستی چاو پێداخشانەوەی بەپەلەی هێنابوۆ پێش. لەم ئابورییەدا گرینگییەکی زۆر درابوو بە سەرمایەگوزاری کردن لە پیشەسازی قورس، زۆربەی تواناکان و هێزی کاری ئابوری بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرابوون. وا بیر دەکرایەوە کە گوایە رازی سەرەکی سەرکەوتن لەم بەشەدایە. پێ دەچێ پێداگرتنی یەک لایەنە لەسەر ئەم ستراتیژە و لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی تەوژم و زۆرەملیەتی و سەرکوتی سیاسی دەوری کاریگەریان لەم دابەزینی ئابورییەدا گێرابێ. دواتر نەک هەر چاو بەم ستراتیژە نەخشێندرایەوە، بەڵکو بە دەمارگیری تۆخ و هەوڵی بەردەوام درێژە بەم رێچکەیە دەدرا. بەردەوام پیشەسازی قورس وەک پێشوو بەدەست و دڵ ئاوەڵەیی خرابوە پێش هەموو شتێکەوە. ئەمەش بە زەرەری گوێ نەدان بە کەلوپەلی مەسرەفی دەشکایەوە. ئەم رەوتە بەروبوویەکی هەرچی زۆر و زیاتری دەخستە قورگی پیشەسازی قورس و ئاوڕ لە کەلوپەلی مەسرەفی خەڵک نەدەدرایەوە. ‹‹ بەرهەم هێنان لە پێناو بەرهەم هێنان›› ئەمە ببوو بە کاکڵی ئابوری سۆڤیەت، ئەم رێچکەیە نە ئاستی ژیانی خەڵکی چاکتر دەکرد و نە داهاتی نەتەوەیش بە گوێرەی پێویست کەڵکی لیوەردەگرت.[1]

1 - Moshe Lewin, Political undercurrents in soviet economic Debates (Prinston University Press)

کاتێ ئابوری گەشە دەکات دەبێ بۆ بردنەسەرەوەی دەسەڵات و ئاستی بەرهەم هێنانی زیاتر، دامودەزگا و مەکینەی چاکتر و باشتر جێگەی کۆن و پەرپوونەکان بگرنەوە. ئەمەش پێویستی بە سەرمایەگوزاری هەیە. کەچی لە یەکێتی سۆڤیەت بەپێچەوانە شێوازی سازکردنی مەکینەی نوێ گیرایەبەر. بەڵام لەولاتر ئیتر گوێ بە مەکینە کۆنەکان نەدەدرا. کرێکاران ناچار بوون بە ئامێر و مەکینەی کۆن و پەککەوتە کار بکەن و لە ئەنجامدا زۆربەی ئەم مەکینانە بە هۆی شکان و سوان پەکیان دەکەوت و نەدەگەران. لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەندە کارخانەی نوێ سازنەدەکران کە پلانی بۆ دادەندرا، چونکا هێندەش کەرەسەی پێویستی سەرەتایی بیناسازی لەگۆڕێدا نەبوون.

لە ئابوری یەکێتی سۆڤیەتدا برشت و خێرایی ئەوەندە نەبوو کە چاوەڕوان دەکرا، زۆر بە هێمنی و لەسەرەخۆ هەنگاوی دەبڕی. چونکا وزە و تواناکان بە ڕێگای لابەلای جۆراوجۆردا بە هەوانتە دەرۆیشتن. کاربەدەست و سەرۆکی کارخانەکان بیریان لەوە دەکردەوە کە چەند کارخانەی دیکە دەتوانن ساز بکەن، ئیتر مشوری ئەوەیان نەدەخوارد کە چۆن ئاستی بەرهەمداریی و لەباربوونی کارخانەکەیان ببەنە سەر. ئەوان سەرمایەیان لە پێش هەموو شتێکەوە بۆ دانانی کارخانەی نوێ تەرخان دەکرد. زۆرتریش ئەم کارەیان دەکرد بە بێ ئەوەی سەرچاوەی پێویستیان بۆ تەواو کردنەکەی هەبێ. بەرنامە داڕێژەران و بەڕێوەبەرانی سەندیکاکان بە شێوەیەکی مەنتقی دیارییان نەدەکرد کە چ شتێک بۆ چ کەسانێک پێویستن تا باشترین ڕێگەی دابینکردنی بۆ بدۆزنەوە، بە پێچەوانە دروست کردنی کارخانەی نوێ و روت بۆخۆی ببوو بە ئیدئۆلۆژییەک و ئیتر ئاو بێنە و دەستان بشۆ.

شێوەی کاری کارخانەکان لە یەکێتی سۆڤیەت زۆرتر لەسەر بنەمای جۆری کارکردنی کارخانەکانی "فۆرد" دامەزرابوو. بە پێی ئەم شێوازە هەر سەندیکایەک بۆخۆی هەموو پارچەیەکی جۆراوجۆر و پێویست بۆ بەروبومەکەی لە شیشە و بۆڵبرینگەوە بگرە هەتا پۆڵا و شتی تریان بەرهەم دەهێنا. ڕێکخستنی بەرهەم هێنان لەسەر ئەم بنەمایە زەرەرمەندە و بەشێکی زۆر لە برشت و تواناکان بەفیرۆ دەبات، چونکا ئەو بەشانەی کە پارچەی



جۆراوجۆر و پێویست بەرهەم دەهێنن زۆر نین و هەر کات گرێ یەک بکەوێتە ناو ڕەوتی بەرهەم هێنانی پارچەیەک، دەتوانێ چەرخی بەرهەم هێنانی هەموو سەندیکاکە لەبەر نەبوونی تاقە پارچەیەکی پێویست بوەستێنێ. جگە لەمانەش بێ برشتی و ناکارامەیی و کەم و کورپییەکی زۆرتریش لە ئابووری سۆڤیەتدا هەبوون، وەک نەبونی عەمبار و سیلۆی پێویست لە گوندەکان و ناوچە کشت و کاڵیەکان، یان نەبوونی ڕێگاو بانی باش لە نێوان شار و گوندەکان کە دەبوونە هۆی بە فیرۆ دەچوونی بەرهەمێکی زۆر.

بێگومان ئەم قەیرانە ئابووریە بەر لەوەی " گۆرباچۆف"یش بێتە سەرکار دیاردەیەکی کوتوپڕ و بەڕێکەوت نەبوو. ئابووری سۆڤیەت جۆرێک ڕێکخرابوو کە هەمیشە نەیدەتوانی پەرە بستێنێ، کاتێک دەیتوانی بەرەو پێش هەنگاو باوێژێ کە سەرچاوەیەکی زۆروزەبەندنی لەبەر دەستا بێ. هەربۆیە کاتێ سەرچاوەکان کەوتنە باریک و بنیسی ئیتر مۆعجزەی ئابوریی یەکانگیر و ناوەندیش تۆزی لێ هەڵنەستا. ئەم ئابورییە دۆشداماوە هەر لە قۆناغی یەکەمی پەرەساندنی سۆڤیەتدا نەیتوانی سیستەم و قەوارەکەی خۆی بگۆڕێ و هەرگیز نەیتوانی لێی دەربچێ، ئەمەش بەو مانایە بوو کە ئیتر ڕێگای دەربازبوون لە گۆڕێدا نیە. بەڕێوەبەریی و کۆنترۆلکردنی لەسەرەوە تاقە شێوازێک بوو کە ئابووری سۆڤیەت خووی پێ گرتبوو. قاچەکانی ئەم سیستەمە لەسەر پەرەپێدانی بەردەوامی پیشەسازی قورس لە لایەک و بوروکراسی و میرمەزنی لە لایەکی دیکە ڕاوەستابوو، کە لنگی بەسەر دەسەڵات و مشە و ئیمتیازی زۆروزەبەندی وڵاتدا شۆڕکردبوەوە.

پاش مردنی "ستالین" چەن ڕێگا چارەسەرییەک کەوتنە بەر باس و خرانە مەیدانی بەتاقیکردنەوە. بەڵام دەبوو ئەو جۆرەی کە مارکس نووسیبووی لە ڕێگای" کاری شۆڕشگێڕانە"دا چاو بەسەر هەموو سیستەمەکەدا گێڕدرابایەوە. ئەوە نەکرا و لەگەڵ ئەوەشدا چەڵتووک دەخرایەسەر ڕێگای ئەو چاکسازی و تاقیکردنەوانەی کە پێش بینی کرابوون، چونکا مەترسی لەسەر کار و پلەی بەڕێوەبەرانی پیشەکان و بەشە خاوەن بەرژەوەندە تایبەتیەکانی کۆمەڵگا دادەنا. ئیمە پێمان وایە بەرزترین توێژی ناو ڕێبەرایەتی یەکێتی سۆڤیەت بە

شێوەیەکی روو لە گەشە حەزیان لەوە بوو کە لە ڕێگای تایبەتیکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ـ وەک هۆکارێکی گەیشتن بەسەروەت و ئەمنییەتی ماڵی بۆخۆیان و ماڵ و منداڵیان ـ سەرینی ئەرخەیانی بخەنە ژێر سەریان.

## . ئەزمونی چین

ئەو دەمی کە ئەرتەشی سوور بە ڕێبەرایەتی حیزبی کمونیستی چین لە ساڵی ١٩٤٩ چووە ناو شاری "پکێن"، بۆ ئەوەی بکەونە سەر ڕێگای سوسیالیسم و بۆ ڕاستکردنەوەی کەند و لەندەکانی ئەم ڕێگایە هێندە کار و ئەرکی گران و پێویست لەگۆڕیدا بوون کە شانی "هێرکول"یش هەڵی نەدەگرت. برسیایەتی بێدادی دەکرد، هەژاری و بێئەنوایی بەڕادەیەک بوو کە تەنیا ئەم ڕستەیەی " گاندی" دەتوانێ دەری ببڕێ کە وتی:« هەژاری خرابترین جۆری زەبروزەنگە». لەم وڵاتە پانوبەرین و پڕ حەشیمەتەدا هەموو جۆرە نەخۆشییەکی مەترسیدار تەشەنەی ساندبوو، هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی پزشکی لە گۆرێدا نەبوو. جەماوەرێکی بەرینی خەڵک نەخوێندەوار بوون، تەنیا دەرفەت و ئیمکانێکی تەسک بۆ فێرکردن و بارهێنان لەبەردەستاندا بوو. تێکڕای ئەم هەلومەرجە ئەستەم و دژوارانە دەستیان خستبوە ناو دەستی یەک، تا ئەم دۆخە تاڵ و دڵتەزێنە نیشان بدەن کە ئاستی ناونجی تەمەن ٣٤ ساڵ بێت (ئەوکات).

دەسەڵاتداریی نوێ بە هەنگاوێکی گەورە و مەزن ئەو کۆمەڵگا شپڕێوەی ژێروژوور کرد. ئەم هەنگاوە لەوێوە دەستی پێکرد کە دابینکردنی هەموو پێداویستییە سەرەتایی و ئەساسییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی خستە ئەستۆی خۆی. ڕایەڵەی خزمەتگوزاری پزشکی هەموو وڵاتی تەنییەوە، بەبەرەکانێیەکی گشتی و هەمە لایەنە لە دژی نەخۆشی تەشەنەگر دەستی پێکرد و بووە هۆی هاتنە خوارەوەی خێرا، یان بنبڕکردنی نەخۆشی باو لەو وڵاتەدا. هەوڵێکی زۆر و جیدی بۆ دابینکردنی ئاسانکاری لە فێرکردن و بارهێنان و نەهێشتنی نەخوێندەواری تەرخان کرا و ئاستی پلەی خوێندەواری بەرو و ژوور هەڵکشا. بڕگەی "کاسەی ئاسنینی برینج" بەڕێوە برا. بە پێی ئەم بڕگەیە کار و فرمانی



هەتاهەتایی بە مووچە و کرێی خانەنشینییەوە لە دامودەزگای دەوڵەتی دابین بوو. لە سەرەتای پەنجاکاندا بۆ هەر جوتیارێک پارچەیەک زەوی، هەر وەک "ڤیلیام هینتۆن" دەڵێ:« بە بایەخترین ئامرازی بەرهەم هێنان» تەرخانکرا. ئەنجامی ئەم هەموو هەوڵ و چالاکییانە بوو بەوەی کە ئاستی ناونجی تەمەن لە ساڵی ١٩٨٠دا بگاتە ٦٥ ساڵ.

تێکڕای ئەم دەسکەوتە کۆمەڵایەتی و بنەڕەتییانە لە هەلومەرجی نەبوونی دموکراسیدا هاتنە دیی و ئەمەش ڕێگای بۆ پەرەساندن و دزەکردنی بوروکراسی و"میرمەزنی" لەناو رایەڵەکانی بەرێوەبەریدا خۆشکرد. "مائۆ" لە هەموو ئەم ساڵانەدا و لەناو نوسراوەکانیدا لە دژی بورۆکراسیی نوێ دەنگی هەڵدەبڕی، ئەو بورۆکراسییەی کە نەک هەر لە سیمای فەرماندەکان لە بەرامبەر ژێردەستەکاندا خۆی دەنواند، بەڵکو مشە و دەسکەوتی تایبەتیشی بۆخۆی مسۆگەر دەکرد. " مائۆ تسە دۆنگ" زۆرجار باسی مەترسییەکانی بورۆکراسی کردبوو. "چۆئن لای" هاورێی هەرە نزیکی مائۆ ئاوا باسی ئەم مەترسییانەی دەکرد: « چینی خاوەن ملک، بورژوازی و چینە چەوسێنەرەکانی دیکە تا ماوەیەکی زۆریش دوای داروخانیان ، هەروا لە ناو کۆمەڵگای سوسیالیستیدا بەهێز دەمێننەوە. ئێمە قەت نابێ بە کەمیان بگرین. هاوکات توێژی نوێی بورژوا و روناکبیرانی بورژوازی نوێ و چەوسێنەری نوێ بە بەردەوام لەناو کۆمەڵگا، لەناو حیزب و دامودەزگا کانی دەوڵەتی، لەناو بنکە ئابوری و ناوەندەکانی فەرهەنگی و بارهێناندا سەردەردێنن. ئەمانە و چەوسێنەرانی دیکەش بە بێ هەڵاواردن هەوڵ دەدەن لە ناو ناوەندەکانی سەرەوەی ڕێبەرایەتیدا پشتیوان و هاریکار بۆ خۆیان پەیدا بکەن. توێژی بورژوازی کۆن و نوێ لە هەوڵی ئەوەدا دەبن دەستی یەکتر بگرن و لە دژی سوسیالیسم و بۆ بەرەو پێشبردنی سەرمایەداری یەکانگیر هەڵبسوڕێن»[2]

هەر بەوجۆرەی " مائۆ تسە دۆنگ" ئاماژەی پێدەکات تەنانەت هێندێک لە کاربەدەستە پلەبەرزەکانی حیزبی کمونیست لە قوڵایی دڵەوە خوازیاری ئەوە

[2] Report on the work of the Govermment,30 December 1964- as itted in: Maurice ( Meisner, Mao,s China and After) Ferr Press 1986.

بوون کە ڕێگای سەرمایەداری بگیردرێتە بەر. ئەودەمی کە شۆڕشی فەرهەنگی دەستی پێکرد، مەبەستی" مائۆ" ئەوە بوو کە بە ملوێنان کەسی ناو حیزب بە پلەی جۆربەجۆر، لە کرێکاران و جوتیارانەوە بگرە هەتا خویندکاران و روناکبیران بە گژ ئەو کەسانەی ناو حیزبدا بکاتەوە کە داکۆکیان لە بوژانەوەی سەرمایەداری دەکرد. بەشێکی زۆر لە روناکبیرانی چین و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو پرۆسەیە بە جۆرە گێچەڵێکی دژی ئینسانی دەزانن. ئەوە ڕاستە کە لەم شۆڕشەدا سەرلێشێواوی دەبیندرا و زەبروزەنگ و پاڵەپەستێ و ئاکاری دژی ئینسانی و کوژرانی خەڵکیش قەومان، بەڵام لە لایەکی دیکەش لە ناوچە گوندنشینەکان بەگشتی جۆرێکییەکەی دەبینن، وەک قۆناغێک چاوی لێدەکەن کە تێیدا گەلێک ژێرخانی پتەوی ئابوریی داڕێژرا و ئاوڕ لە تەنگوچەڵەمە زۆروزەبەندەکانی جوتیاران و جەماوەری هەراوی خەڵک درایەوە. لەو سەروبەندەدا و لە ناو ئەرتەشی سووردا دەستەی جۆربەجۆرهەبوون، هەندێکیان بەدرۆ خۆیان کردبوە "گاردی سوور" ڕەنگە لە لایەن ئەو کەسانەوە سازبووبێتن کە قەرار بوو بە گژیاندا بێنەوە.

دووساڵ پاش کۆچی دوایی " مائۆ تسە دۆنگ"، لە ساڵی ١٩٧٨وە ـ ئەودەم کە بەرزترین کاربەدەستانی حیزب گۆڕانکاری بەرچاویان پێکهێنا و ئامانجە ئەساسییەکانی شۆڕشیان وەلاخست ـ وەرچەرخانێکی گەورە، یان چاکتر بڵێین بەرەو پاش گەڕانەوەیەکی گەورە لە بەستێنی ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی وڵاتی چیندا دەستی پێکرد.[3]

ئێمە نە دەتوانین و نە دەمانەوێ لێکی بدەینەوە کە داڕێژەرانی ئەم گەڵاڵە و ڕەوتە نوێیە چ مەستێکی دەرونی و تاکە کەسییان لەم کارەیاندا هەبوە. لە ڕستەکانی پێشوشدا هەوڵمان نەداوە ڕێبازە گشتیەکان و هەورازولێژەکانی ئەم شۆڕشە لێکبدەینەوە کە لە پاش ساڵی ١٩٤٩وە روویان دا. بەڵام ئەوەی تا ئێستا دەرکەوتووە نیشانی دەدات کە ناکۆکییەکی قووڵ لە ناو ڕێبەرایەتی

3 William Hinton, The great Reversal: The Privatization of China, 1978-1989. (Monthly Review Perss, 1990)



حیزبدا، لەسەر قەوارەی کۆمەڵگای چین و ستراتیژیی گۆڕانکارییەکانی داهاتووی، هەبووە. لە لایەک کەسانێک دەیانەویست:

١. مل بە ملەی ئیمپریالیزمی دەرەکی بکەن، کە دەستیان خستبوە سەر قەراغەکانی ڕۆژهەڵاتی چین و تێیدا سەرمایە گوزارییان دەکرد.
٢. مۆتەکەی نەریتی جوتیاری لەسەر شانی وڵات دابگرن.
٣. یارمەتیدانی جوتیاران بخەنە پێش هەموو شتێک و
٤. ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگ و توندئاژۆی"هان Han" پەکبخەن و ئاوڕ لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان بدەنەوە.

لە لایەکی دیکەش دەستەیەکیتر هەبوون کە دەیانەویست بەپێشەیی کردنی وڵات و پەرەدانی خێرای سەنعەت بخەنە پێش هەموو کار و ئەرکێک و لەم ڕێگایەوە چین بکەنە دەسەڵاتێکی گەورەی دنیا.

ئێمە وەک پسپۆڕی کاروباری چین ئەم بابەتەمان نەنوسیوە، ئەمە نرخاندنی ئێمەیە لەسەر مێژوی ئەم دواییانەی چین و بەتایبەت ئامانجە ڕاگەیاندراوەکانی ڕێبەرانی ئیسلاحاتە، کە ناوی "سوسیالیسم بە بیچمی چین"یان لەسەر داناوە و جاروبار ئابوری "سوسیالیسمی بازار"یشی پێدەڵێن. بێ شک بەرەبەرە رونکردنەوە و زانیاری پتریش لەسەر ئەم هەڵگەڕانەوە بۆ دواوە دەردەکەوێ. ئامانجی سەرەکی شۆڕش پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بەرابەریخواز بوو. لەڕاستیدا هەتا سی ساڵی یەکەمیش هەر ئەمە مەبەست بوو، بەڵام دواتر " سوسیالیسم بە بیچمی چین" هێنرایە پێش کە تێیدا بە وتەی "تنگ شیائۆپینگ" « دەوڵەمەند بوون شکۆدارە» بە پەلە کەوتنە سەر ڕێگای " سەرمایەداری" و هەموو بەرئەنجامە خراپەکانیشی لەئاستی کۆمەڵایەتی و ژینگە ـ کە پێشتر قسەمان لێکرد ـ بە زەقی خۆیان وەدەرخست.

ئەگەرچی ڕێبازی نوێی چین بەراستی بەرزبوونەوەیەکی خێرا و بەپەلەی نرخی پەرەساندنی ئابوری، بەرهەمهێنان و داهاتی نەتەوەیی لەگەڵ خۆی هێناوە و سەرسوڕمانی بۆخەڵکێکی زۆر سازکردوە، بەڵام دەبێ لەبیرمان نەچێ کە بەشێکی زۆری ئەم پەرەساندنە لە هۆی ئەو ژێرخانە ئابورییەوە هاتۆتەدەست کە لەسەرەتای شۆڕشی چین و بەر لە ئیسلاحاتەوە داڕێژرا

بوون. ڕەوانەکردن و فرۆشتنی کەلوپەلێکی یەکجار زۆروزەبەندی بەرهەمهاتوو بۆ دەرەوە، هۆکارێکی گرینگی دیکەی ئەم پەرەسەندنەیە. ئەم ئاستە لە ٠/٦ترلیۆن دۆلاری ساڵی ١٩٩٠وە گەیشتە ٤/٣ترلیۆن دۆلار لە ساڵی ٢٠٠٣. بەشێکی زۆری ئەم ناردنە دەرەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبونی ئاستی سەرمایەگوزاری دەرەکی لە چین کە لەسەر بناخەی لەخوارەوە بوونی حەقدەستی کرێکاری چینی ڕاوەستاوە و ئەوپەڕی قازانجی سەرسوڕهێنەر بۆ سەرمایەدانەرەکان دەخوڵقێنێ.

لە چین ستراتیژی سەرمایەدانان لە بەشی بەرهەمهێنانی جۆری "سەرمایەخواز"(Capital intensive)، هەروەها کەڵک وەرگرتن لە مەکینەی چاکتر ـ کە کاری کەمتری دەوێ ـ ڕەچاوکراوە. لەم ڕێگایەشەوە زیاتر لە ٩٠٪ی پەرەساندنی ناونجی ساڵانە لە بەشی پیشەسازی، بە شێوەی پەرەساندن لە قازانج بەخشی کار، نەک بردنە سەرەوەی ئاستی خەریکبوون بەکار هاتۆتە دەست. ئەم بەشە لە مەودای نێوان ١٩٩٣ تا ٢٠٠٤ ساڵانە ١١/٥ ٪ چۆتە سەر.[4]

قورسایی چەرخی ئابوری گڕگرتووی چین خراوەتە سەر کەڵک وەرگرتن لە مەکینە و کارخانەی ئۆتۆماتیک بەمەبەستی هەناردن و ڕەوانەکردن بۆ دەرەوە. لەم ڕێگایەوە سەروەتێکی یەکجار زۆر کۆبۆتەوە، ئەم سەروەتە بە لای کرێکاراندا نەشکاوەتەوە، چونکا لە هەلومەرجێکدا نین کە بتوانن خۆیان لە یەکێتی کرێکاریی خەباتگێڕ و ئامانجداری خۆیاندا ڕێکبخەن. ئێستا لەجیات ڕەوتی بەرابەریخوازی پێشوو، توێژێکی بچوکی دەوڵەمەند و چینێکی ناوەندیی دەست ڕۆیشتوو سەری هەڵداوە و باقی خەڵکانی دیکە بەرەورووی هەژاری، نادڵنیایی و بێکاری بونەتەوە و ئاستی پەروەردە و خزمەتگوزاری پزشکی هاتۆتە خوارەوە. ئێستا کار گەیشتۆتە جێگایەک کە سەرئەنجام کاربەدەستانی ڕەسمی وڵاتیش دان بە شوێنەوارە خراپەکانی ئەم ڕەوتی بەرەو پاش هەڵگەڕانەوە لەسەر ژیان و بەرێچوونی جەماوەری بەرینی هەژارانی چین دابنێن. ئیدارەی سیاسی وەزارەتی دارایی چین لەو بابەتەوە

4 - World Bank, China Quarterly Update, April 2005.



ڕاپۆرتێکی بڵاو کردۆتەوە. ڕۆژنامەی "خەڵک ئان لاین"(*People's Daily Online*)ڕۆژی ١٩ی ژوئنی ساڵی ٢٠٠٣ وتارێکی بڵاو کردۆتەوە و تێیدا ئاماژەی بەو ڕاپۆرتەی وەزارەتی دارایی کردووە. ئەم وتارە لەوێڕا دەست پێدەکات کە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی ئەم ڕاستییانەی خوارەوەی دەرخست:

١. بەرین بوونەوەی بەردەوامی جیاوازیی لە دابەشکردنی داهاتەکان و قوڵبوونەوەی مەودای نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکان.
٢. چەقبەستن لەسەر بردنەسەرەوەی ئاستی کەڵەکەکردنی سەروەت و بەرزبوونەوەی جیاوازی نێوان سەروەت و سامانی خێزانەکان.

ئێستا بەرینبوونەوەی نابەرابەرییەکان و لەوانە نابەرابەری لە دابەشبوونی سەروەت گەیشتۆتە ڕادەیەک کە دەتوانین بڵێین وەک ئەمریکای لێهاتووە.(بڕواننە خشتەی ژمارە٣) جگە لەمەش نابەرابەری داهات لە ناوچە جۆربەجۆرەکانیش لەگۆڕێدایە(بڕواننە خشتەی ژمارە٤) پەرەساندنی ئابووری زیاتر قەراغەکانی ڕۆژئاوای چینی گرتۆتەوە.

**خشتەی ژمارە٣**

**بەراوردێکی دابەشبوونی داهاتەکان لە چین و ئەمریکا. بە پێی یەک لەسەر پێنجی دانیشتوان(١٩٩٨)[5]**

| دانیشتوانی وڵات | لە چین | لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا |
|---|---|---|
| خوارترین توێژەکانی | ٥/٩٪ی گشتی داهاتی نەتەوەیی | ٣/٦٪ی گشتی داهاتی نەتەوەیی |
| کۆمەڵگا | ١٠/٢٪ی .... .... .... | ٩٪ی .... .... .... |
| دووهەمین | ١٥/٢٪ی .... .... .... | ١٥٪ی .... .... .... |
| سێهەمین | ٢٢/٢٪ی .... .... .... | ٢٣/٢٪ی .... .... .... |
| چوارەمین | ٤٦/٦٪ی .... .... .... | ٤٩/٢٪ی .... .... .... |
| بەرزترین | | |

**خشتەی ژمارە٤**

**ڕادەی داهاتی سەرانەی ناوچە جیاجیاکانی چین لەچاو پکێنی پایتەخت (١٩٩٥)[6]**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پکێن ١/٠٠ | لبۆنینگ ٠/٦٥ | شانسی ٠/٠٣ | هنان ٠/٣٤ | گان سو ٠/٢٨ |
| گواندۆنگ١/٤٠ | جیانگ سۆ ٠/٩٧ | هویی ٠/١٤ | ئان هویی ٠/٣٥ | یونان ٠/٢٨ |

5 - World Bank,s World development Index; Money Income in The United States (U.S, senses Bureau 2001-2002)
6 - A.R. Khan and C. Riskin, intequality and poverty in China in the age of Globalization ( Oxford University Press)

بەڕای ئێمە دەرسێکی گرینگ لەو هەڵگەرانەوەی چین (لە ئامانجەکانی شۆڕش) ئەوەیە کە ئەم شتەی بەناو "سوسیالیسمی بازار"یش بۆخۆی مەنتقی دەروونی خۆی هەیە. هەر هەنگاوێک کە لەو بوارەدا و لەسەرەولێژی هەڵخلیسکان بەرەو نیزامی سەرمایەداری هەڵبگیردرێ، دەبێ لەگەڵی بچیی و هەنگاوی دیکەشی بۆ بهاوێژی. لایەنگرانی ئەم بەرەوپاش هەڵگەرانەوە ئاماژە بەم راستییە دەکەن کە دەوڵەت هێشتاش جڵەوی شیرکەتە خۆماڵی کراوەکانی لەدەستدایە، بەڵام ئەمەش هەروا نامێنێ و خەریکە گۆڕانی بەسەردا دێت. شۆڕای وەزیرانی چین لە مانگی فوریەی ٢٠٠٥دا ڕای گەیاند کە ئێستا کەرتە تایبەتییەکان لەباری یاساییەوە ڕێگایان پێدراوە و دەتوانن لەم بوارانەدا هەڵسوڕێن:

- دۆزینەوەی نەوت و پێکهێنانی بانک تا ئاستێکی دیاریکراو.
- دامودەزگای خزمەتگوزاری لە بەشی پێوەندییەکانی ڕێگای دوور و دامەزراندنی هێڵی هەوایی.
- بەشەکانی لەش ساغی، فێرکردن و کاروباری بەرگری[٧].

ڕۆژنامەی " فاینانشیال تایمز" لە ژمارەی ئەوەلی مانگی مای٢٠٠٥دا ئەم هەواڵەی کردۆتە مانشێتی لاپەرەی یەکەمی خۆی: «دەوڵەتی چین ڕێگای داوە داراییەکانی دەوڵەتی بفرۆشرێن.». ئێستا ئەم ڕەوتە دەستی پێکردووە، فرۆشتنی پسولەکانی شەریکە بەشیی چوار شیرکەت کە لە ژێر چاوێری دەوڵەتدان، نیشانەی ئاشکرای ئەو ڕەوتەیە. ئەم ڕەوتە سەرەتا بە فرۆشتنی کۆمەڵە گروپی شیرکەتەکانی " ژی جیانگ"ی شانگهای (کە ئامرازی بەستەبەندی سازدەکا) دەستیپێکرد و بە فرۆشتنی شیرکەتی پیشەسازی قورسی "سانی" (بەرهەمهێنەری کەلوپەلی ماشینیی)، هەروەها شیرکەتی کامپیوتر سازی" تسینگ هوا تونگ فانگ" و شیرکەتی سەرچاوەکانی وزەی "هبی جی نیو" کە شیرکەتێکی خەڵوزی بەردە، درێژەی پێدرا[٨].

---

٧ـ وال ستریت جۆرناڵ، ٢٨ی مانگی فوریەی ٢٠٠٥

٨ـ "هیراڵد تریبون" ٩ی مانگی مای ٢٠٠٥